# له۲۴ کاتژمێردا پەژاک لەناودەبەین!

**دیاری محمد**

چەندین بەرپرسی باڵای سوپا زل و تێکشکاوەی پاسداران لەدەستپێکی هێرشەکانیان بۆ سەر قەندیل و هێرشکردنە سەر پەژاك لەقولأیی خاکی ڕۆژهەلأت جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کەبە٢٤کاتژمێر پەژاك لەناودەبەن یان ژێر پێیان کاول دەکەن بەلأم چەندجارێك ٢٤کاتژمێری بەسەر ئەو ماوەیە تێپەڕی کرد پەژاك لەناو نەچوو ئەگەر ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی هەبوایە لەسەر ئاستی جیهان هەڵسەنگاندنی بۆ شەڕبکردایە و دواتر دۆڕاو و براوەی دەستنیشان بکردایە ئەوا دڵنیام ئەوکاتە سوپای پاسدارانی بەدۆڕاو دەدایە قەڵەم لەوکاتەدا شتێکی سەیرم کەوتەوە بیر زۆرینەی بەرپرسەکانی سوپای تورکیا کاتێك پۆستەکەیان وەردەگرن دەڵێن پەکەکە لەناودەبەین ئەوەندەی من بیرم دێت باشبوخ و بیوك ئانت و کۆشانەر ڕۆیشتن پەکەکە لەناو نەچوو ئەمە لەکاتێکدایە کەتائێستا فەرماندەی گەریلاکانی پەکەکە وەکو ئەوان بەتۆمەتی کودەتالەکارەکەی دوورنەخراوەتەوە سەیرتر لەهەموو ئەوانە بیوك ئانت و باشبوخ و کۆشانەر کەیەك لەدوای یەك سەرۆك ئەرکانی سوپای تورکیایان بەجێهێشت پەکەکەیان پێ لەناونەچوو چونکە ئەوانیش پێش ئەوەی پۆستەکانیان وەربگرن هەڕەشەی ئەوەیان دەکرد بەماوەیەکی کورت پەکەکە لەناودەبەن یاخود تالەناوبردنی پەکەکە درێژە بەشەڕ دەدەن بەهەر لایەکدا بێت ئەوە ڕاستە چونکە پەکەکە بەشێوەیەك چۆتە ناخی تورکیاوە کەلەناوبردنی ئاسان نیە کوردەواری خۆشمان ڕەحمەتیان لێ بێت دەمێکە ووتوویانە بەردی گەورە نیشانی پێدانەدا و لەبەرئەوە مەترسن ئەگەر بەرامبەرەکەت بەردی گەورەی دەست دایە پێتی دانادات پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (PJAK) ماوەی چەند ساڵێکی کورتە لەلایەن چەند لاوێکی ڕۆژهەلأتی و بەهاوکاری پارتی کرێکارانی کوردستان دامەزراوە و خاوەنی پۆلێك شەهیدی سەرکردەی هەڵکەوتوویە بەپشتیوانی گەلی کورد و لەپێناو گەلی کورد خەباتێکی ڕێکخستنی کۆمەلأیەتی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی و ڕاگەیاندنی دەکات و هاوکات هێزی ڕۆژهەلأتی کوردستان (HRK) باڵی سەربازیەتی ئەویش بۆ پاراستنی خۆی و گەلی کورد بەکاریدەهێنێت ئێستا پەژاك لەسەرانسەری ئێران و لەناخی هەموو لاوێکی خوێنی گەرمی کورد و نەتەوە ژێردەستەکانی تری ئێران وجودی هەیە و لەناوبردنی شتێکی سادە و ئاسان نیە ئێستاش کەهەریەکە لەحسن دانایی فەڕ و فەرماندەی هێزە زەمینیەکانی ئێران هەڕەشەی بەردەوام لەپەژاك دەکەن باشتر وایە پەلە بکەن لەوەی کەبەدوای چارەسەری دا بگەڕێن تاوەکو هاوشێوەی تورکیا گیرۆدەی دەستی پەژاك نەبن چونکە وەها باوەڕدەکەم کەتائێستا ئێران پەکەکە ناسیوە لەبەرئەوە هەڕەشە لەپەژاك دەکات ئاغاکان خزمەتکارانی ئەحمد نەژاد دەبێت ئەو ڕاستیە باش بزانن پەژاك لەخەبات ماندوونابێت و لەهەڕەشەش ناترسێت

گەریلاکانیش باکیان بەمردن نیە شتێکی باشتان بۆ باس دەکەم دەشێت تائێستا نەتان بیستبێت لیلی زانا ژنە هەڵکەوتووی کوردی باکوور دەڵێت ئەگەر لەتورکیا لەپێناو کورد دا خەبات بکەیت دەبێت (لێدان گرتن کوشتن) بخەیتە پێش چاوان گەریلاکانیش خاوەنی دروشمێکی لەم چەشنەن لەبەرئەوە من ئامۆژگاریتان دەکەم دەست لەهەڕەشەکردن هەڵبگرن چونکە هیچ سودێکتان پێناگەیەنێت و بەپێچەوانەوە زەرەرمەندی سەرەکی خۆتان دەبن بەم جۆرە هەڕەشانە گەل بەگەلەری دەکەن واتە هەموو گەلی ڕۆژهەلأت دەبێت بەگەریلا جا ئەو گەریلایە گرینگ نیە لەشاخە یاخود لەشار ئەوکاتە ئێوەش ناتوانن کوردستان بکەن بەبەندیخانەیەکی گەورە و هەموو گەلی کوردی بخەنە ناو دەبێت ئەو ڕاستیە باش بزانن بەم هێرشەی لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو کەتیایدا ئێوەی لووت بەرز تێك و پێك شکان جگەلەوەی گەلی کورد زیاتر بڕیاری پشتگیری لەپەژاکی دا زۆرینەی جەماوەری پارتە کوردیەکانیش ئاڕاستەی سیاسی خۆیان گۆڕی و دایانە پاڵ پەژاك ئەوەندەی گرینگە بوترێت ئەوەیە کەدەبێت ئێران چاوەڕوان بێت هەرکات تورکیا توانی بە(١٢٤)ساڵی تر پەکەکە لەناو ببات دەشێت ئەوکات لەناوبردنی پەژاك پێویستی بەکەمتر لە(٢٤)کاتژمێرە بەلأم ئێستا دانانی کات بۆ لەناوبردنی پەژاك و وێرانکردنی ژێرپێیان تەنیا بریتیە لەشاردنەوەی ئەو شکستە گەورەیەی لەم ماوەیە تووشی هاتن ئاسان نیە پەردەپۆشکردنی لەبەرچاوی ڕای گشتی ناوخۆی ئێران و جیهان

diarypress@gmail.com